# سەدام مرد!

# بەڵام هێشتا پەردە دانەدراوەتەوە..

دارا مەحمود
darachimen@hotmail.com

سەرئەنجام سەدام حوسێن ئیعدام کرا. و جگە لەمشتێک نەتەوەپەرستانی عەرەب و ناشارەزایانی ئێروئەویَ کەس بەزەیی پێدا نەهاتەوە. و خەمی بۆنەخوارد.
سەرئەنجام کەس و کاری ئەنفالکراوان و لەسێدارەدراوان و بەگشتی شەهیدانی تر ئاهێکیان بە ئۆخەیەوە هەڵکێشا.
گەرچی ئەو تەنیا بەلەداردان نەمرد، بەڵکو ئەو ڕۆژەی پەیکەرەکەی لە بەغدا خرایە خوارێ، و ئەو ڕۆژەی عودەی و قوسەی کوژران، و ئەو ڕۆژەی دەستگیرکرا، ئەو ڕۆژەی بۆیەکەمجار هێنرایە بەردەم دادگا، و پاشانیش هەرجارێک هاتبێتەوە بەردەم دادگا، و چەندان و چەندان جاری تریش تاڵاوی تاڵتر لەمەرگی چەشت... بەڵام هێشتا پەردە دانەدراوەتەوە.
سەدام بوو بەلاپەڕەیەکی ڕەش لەدیرۆک. لاپەڕەیەک کەتەنیا تایبەت بەسەدام حوسێن نییە. بەڵکو گشت ئەوانەش کەهانیاندا، پشتیوانیانکرد، کرنۆشیان بۆبرد، بەدەمییەوە پێکەنین و چەپڵەیان بۆلێدا...و لاپەڕەیەک کە هێشتا هەمووی پرنەکراوەتەوەو جێگای ئەوانەشی تێدا دیاریکراوە کە لێیان دەوەشێتەوە وەک ئەسحابەکانی باپیرانیان مزگەوتێک لەسەر گۆڕەکەی دروست بکەن . و بۆنەوەکانیانی بکەنە جێ نەزرگە...!
سەدام مرد بەڵام هێشتا پەردە بەتەواوی دانەودراوەتەوەو پاشماوەو کاریگەریی ئایدیۆلۆژیاو ڕەفتارەکانی هێشتا لەتوانایاندایە مەرگ لەم خاکەدا بچێنن و کینە لەدڵاندا سەوزبکەن و مرۆڤ بەگژ مرۆڤدا بکەن و لەخەسڵەتە باشەکانیان دایانشۆرێنن و..! تەنانەت ئەوانەی دەکەونە ژێر ئەو کاریگەرییەوە دەکرێ خودی خۆمان بین..!
ئیتر باچیتر یاری بەواژەو دەستەواژەکان نەکەین و خۆمان دەرخەین و ڕایگەیەنین ئێمە لەگەڵ کێین..؟ لەگەڵ مرۆڤ و بەها پیرۆزەکانی، یان لەگەڵ ڕق و تۆڵەو کوشتارو وەحشیگەریی..؟
با سەدام دوایین کەسێک بێت کەبەمەرگی خۆشحاڵدەبین.
با سزای مەرگ لەوڵاتی ئێمەدا هەڵگیرێت..

<u>سزای مەرگ چارەسەریی یان تۆڵەسەندنەوە..!</u>

سزای مەرگ یەکێکە لەوسزایانەی لەیاساکانی سزای عیراق و هەرێمی کوردستاندا کاری پێکراوەو وەک جەختکردنەوەیەکیش لەسەر ئەم سزایە لە ڕەشنوسی دەستووری هەرێمی کوردستانیشدا بەشێوازێکی ناڕاستەوخۆ ئاماژەی پێکراوە.
یەکەمین پرسیارێک کە پێویستە بەبیری ئێمەو داڕێژەرو لایەنگران و یانیش بەرهەڵستکارانی ئەم سزایەدا بێت ئەوەیە کە چ سوودێک لەپشت کارپێکردن بەوەها سزایەکەوە هەیە..؟و هەروا مەبەست لەسزادانی تاوانباران چییە..؟
لەسەرتاسەری جیهانداو لەتەواوی دیرۆکی کۆن و نوێی یاساو سزاکاندا دوومەبەست لەپشت هەرسزادانێکەوە هەبووەو هەیە:

یەکەم/ تۆڵەسەندنەوە! کە ئەمە خۆی لەخۆیدا وەک مەبەستی کۆتایی سزا هەڵدەسەنگێنرێت و لەکۆمەڵگا دواکەوتوو، و ژێردەسەڵاتی ڕژێمە سەرکوتکەرو دیکتاتۆرو نەریتییەکانداکاندا باوەو یەکێکیشە لەبنەماسەرەکییەکانی سزادان لەشەریعەتی ئیسلامدا. کەلەدەقی ددان لەبری ددان و چاو لەبری چاودا خۆی دەنوێنێت و بەسزای (قەساس) ناودەبرێت. و لەوڵاتانی وەک ئێران و عەرەبستانی سعودی دەقاودەق کاری پێدەکرێت و لەچەندان وڵاتی تری ئیسلامیشدا لەسەر ئاستی جۆربەجۆر پشتی پێ دەبەسترێت. جیبەجێکردنی ئەم شێوازی سزایە پتر داڕشتنی ڕق و کینەیە بەسەر تاوانبارداو لەبەرئەمەش کەهەر لەبناغەوە مۆتیڤێکی عاتیفیانە لەپشت سزادانەکەدایە زۆربەپەلە بەرێوەدەچێت و سەرەڕای ئەوەش کەسزایەکان زۆرقورسن و لەئاستی تاوانەکاندانین زۆرجاریش بەهەڵەداچوون لەدەستنیشانکردنی تاوانباری ڕاستەقینە ڕوودەدات و جارهەیە چەندان بێ تاوان بەزانابوون لەلایەن دادگاو نێوەندە پەیوەندارەکانەوە دەبنە قوربانی. هەروا لەم شێوازی سزادانەدا بێ ئەوەی پشت بەهیچ بنەمایەکی زانستیی ببەسترێت، هەلومەرجی ڕوودانی تاوان پشتگوێ دەخات. وتاوان و تاوانبار وەک شتێکی ئەبستراکت وەردەگرێت و بنەماکەی ئەمەیە کە تاوانێک ڕووی داوەو سزای تاوانبارەکە فلانە سزایەیەو تەواو..!

دووەم/ چارەسەریی: ئەمەش ئەوشێوازی سزادانەیە کەمەبەستی کۆتایی چارەسەری و بنبڕکردنی تاوانە. نەک تۆڵەسەندنەوە لەتاوانبار. لەم شێوازی سزادانەدا سەرەتا دیتنەوەی مۆتیڤ و هەلومەرجەکانی تاوان زۆرگرنگەو بۆئەمەش لایەنی زانستی بەتایبەتی پسکولۆژی دەخرێتەکارو پاشانیش هەلومەرجەکانی ڕوودانی تاوان و لایەنە ڕێخۆشکەرو هاندەرەکان و ئاستی سەلامەتی عەقڵی و جەستەیی تاوانبارو چەندان لایەنی تر دەبنە بەشێکی دانەبڕاو لەدیاریکردنی سزاو یانیش بەگشتی چارەسەرییەکان. لەم ناوەداو لەکێشمەکێشی دیاریکردنی تاوان و تاوانبارو ئاستی سزاکاندا هەمیشە لێکنەگەیشتن و ململانێ و کێشە لەنێوان دەزگای دادوەری و بەشەکانی تری کۆمەڵگا بەتایبەتی زۆرینەی خەڵکی سادەو ئاسایی لەئارادایە. و زۆربەی هەرەزۆری جارەکان خەڵک بەحوکمی دادگا بەتایبەتی لەوڵاتە دیموکرات و پێشکەوتووەکاندا ڕازی نین و بەکەمی دەزانن. هۆکاری ئەمەش زۆر سادەیە. لەلایەکەوە خەڵکی ئاشنای تەواوی وردەکارییەکەنی دۆسییەکان نین و ناشکرێ ئاگاداری هەموولایەنێکی بن و تەنیا ڕواڵەتی کێشەکان دەخوێننەوە. و لەلایەکی تریشەوەو بەلانی زۆرەوە لەدیدی تاکی خۆی و تەنیا لەئەزموونی خۆیەوە کێشەکە هەڵدەسەنگێنێت و چارەسەریی بۆدەبینێتەوە نەک وەک پرۆسەیەکی زانستی و ئەزموونێکی دیرۆکی مرۆڤایەتی. لەمانەش بترازێت، تاک بەتایبەتی ئەگەرخۆی قوربانی و یانیش کەس و کارو نزیکانی قوربانی بێت، ناتوانێ وەک دادوەرێک و یاساناسێکی خاوەن ئەزموون بێلایەنانە ڕەفتاربکات. و هەمیشە و یان زۆربەی هەرەزۆری جارەکان ڕووی ئەو لەئاست و جۆری سزاکاندایە.

لەم کێشمەکێشانەدا مەترسیدارترین حاڵەت ئەوەیە کە دادوەران و دامەزراوەی قەزایی ببنە بەشێک لەخەڵکی ئاسایی و وەک ئەوان بیر بکەنەوەو یانیش لەبەرخاتری ئەوان حوکم دەربکەن.

هەرئەمەشە کەلەووڵاتانەدا کە دامودەزگاکانی دیموکراسی لاوازن و دەزگای دادوەری بێلایەن نییە. حوکم بەهەوای شان و لەبەرخاتر یان بەفەرمانی خەڵکانێک دەردەچن کە لەدەرەوەی دەزگای قەزایین و یانیش لەژێر کاریگەریی دەرەوەیی دان.

ئەوەی کەئەزموونی مرۆڤایەتی دەیسەلمێنێت ئەمەیە کە ئەوەی پێش بەتاوان دەگرێت قورسی سزاکان نییە بەڵکو دیتنەوەی میکانیزمەکانە. بۆنموونە لەهەرکۆمەڵگایەکدا ئاستەکانی هەژاری و بێکاریی لەسەروەتردابێت ئاستەکانی دزی و توندوتیژیش لەسەرەوەدادەبن.

بۆئەوەی مرۆڤێک بەلای تاوان بەیایبەتی تاوانی کوشتندا بچێت زۆر هۆکارهەن کەدەتوانین ئەمانە بەگشتی لەدوو هۆکاری سەرەکیدا خڕکەینەوە. یەکەم: نەخۆشی دەروونی تاوانبارو یانیش بەگشتی ناسەلامەتی عەقڵی. دووەم: جەهل و خورافات و دواکەوتوویی کەئەمانەش بەڕۆڵی خۆیان دەبنە هۆی

گەندەڵبوونی دەروون و ڕۆحی مرۆڤ. کەواتە هیچ سەیر نییە مرۆڤێکی نەخۆش یان جاهیل و یانیش دەروون پیس بەلای کاری تاواندا بچێت. بەڵام ئەمەیان سەیرە کەکارشناس و پسپۆرو مافناس و ڕۆشنبیر لە ئەنجومەنێکدا دابنیشن و بەتەواوی عەقڵ و ئیدراکیانەوە سزای مەرگ ئەرێ بکەن.
کێن ئەوانەی لەکوردستاندا ئەگەری ئەوەیان هەیە سزای مەرگ بیانگرێتەوە؟ تێرۆریستان، باندەکانی مافیاو قاچاغ، خائینان، لەجاسوس و خۆفرۆشان، یان تاوانبارانی ئاسایی...؟
ئەگەر مەبەست سزادانی تێرۆریستان بێت. ئەوان خۆیان مەرگ بەئامانجی کۆتایی دەزانن و هیچکات سزای مەرگ لەئەویندارى بەهەشت و فریشتە ڕووت و قوتەکانی ئەوێ پەشیمانیان ناکاتەوە. خۆئەگەر مەبەست مافیاو باندکانی قاچاغ و دزەگەورەکان و گەندەڵکاران و نۆکەرانی دەرەوەو ژنکوژان بن ئەوە بەداخێکی گرانەوە دەڵێم دەبێ دەسەڵات بەرلەهەرکەس خۆی بەپەتی سێدارەدا هەڵواسێ. چونکە دەسەڵات ئەو پەناگا هێمن و پڕ ئاسایشەیە کەداڵدەی گشت ئەمانە دەدات و نەک هەر لەسەرەوەی یاسادان و سزا نایانگرێتەوە بەڵکو پۆستە گرنگەکانی دەسەڵاتی حزبی و حکومیشیان لەدەستدایە. باسزای مەرگ نەسەپێنین و ئەمانە دادگایی بکرێن.
با هیچی تر خۆمان بەو واژەو دەستەواژە سواوانە هەڵخەڵەتێنین کە نەریتی ئێمە، کولتوری ئێمە، ئاینی ئێمە، هەلومەرجی ئێمە، قۆناغەکانی ئەمرۆ... هتد هەبوونی سزای مەرگ لەیاساکاندا دەخوازێت.
لەجیهاندا77دەوڵەت هەن کە سزای مەرگیان بەتەواوی لە یاساکانی خۆیاندا هەڵگرتووەو لە21 وڵاتی تریشدا هێشتا بەیاسا لانەبراوە بەڵام کاری پێناکرێت و لە ئاستی نەبووندایەو 14 وڵاتی تریش ئەم سزایەیان سنووردار کردووەو تەنیا چەند حاڵەتی نائاسایی دەگرێتەوە. بەمجۆرە دەبینین پتر لەنیوەی تەواوی وڵاتانی جیهان ئەم سزایەیان بەتەواوی لابردووەو یانیش کاری پێناکەن. لە ناو ئەمانەشدا چەندان وڵاتی ئەمەریکای لاتین، وەک: کۆلۆمبیا، ئێکوادور، پاراگوای، ئوروگوای، نیکاراگوا، و وڵاتانی ئەفریقاییش وەک: ئەنگۆلا، گینیابیساو، ئیفۆرکۆست، موزەنبیق، نامیبیا...و لەئاسیاش وڵاتانی وەک: کەمبۆدیا، نیپال، تەیموری ڕۆژهەڵات... و چەندان وڵاتی تر.
ئەگەر وڵاتێکی وەک کۆلۆمبیا بەنموونە بهێنینەوە، دەبینین چەندان ساڵە دووچاری شەڕی نێوخۆی نێوان هێزە چەپ و ڕاستەکان و باندەکانی قاچاغ و مافیاو بازرگانییە یاساغ و نامرۆڤایەتییەکانە. و لەگەڵ ئەوەشدا بۆچارەسەری ئەو کێشەگەورەانە پەنا بۆسزای مەرگ نەبراوە.
پەیرەوکردنی سزای مەرگ دژی تاوانباران. ئەوەمەترسییە گەورەی بەدواوەیە کە بەرپرسان و دەسەڵاتداران وەک چارە هەڵیدەسەنگێنن و لەئاکامدا چارەسەرییە ڕاستەقینەکان پشتگوێ دەخرێن. هەرئەمەشە کە بۆنموونە لەوڵاتێکی وەک ئێراندا ڕوودەدات. سزای مەرگ لەو وڵاتەدا ڕۆژانە و بەچەندان شێوازی نامرۆڤانە کەتەنانەت ئاژەڵێکی دڕندەش وەها لەنێچیری خۆی ناکات، کەچی نەرێژەی تاوان دێتە خوارێ و نەکۆمەڵگاشیان پێ لەفەساد! پاکدەکرێتەوە.
سزای مەرگ، و پەسەندکردنی وەک چارەسەرییەک بخوازین یان نا دەمانخاتەوە سەرئەو هێڵەی سەدامی لەسەربوو. و هێشتا ئایدیۆلۆژیاو قوتابی و پەیرەوانی لەسەری بەردەوامن.
سەدام مرد بەڵام پەردەی یەکجاری کاتێک دادەدرێتەوە کەزهنییەتی ئێمە لەوشێوازی بیرکردنەوەیە پاک بێتەوە. زهنیەتێک کەتاوانبار ببێتە نێچیرو ئێمەش گورگ.